## ســەرۆكــایــەتــی ئەنــجومەنــی وەزیــران

پشت بەحوكمەكانی مادده (٧) لە یاسای ئاڵای هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٩ ، ئەنجومەنی وەزیران لە كۆبوونەوەی ژمارە (٤١)ی رۆژی ٢٦/٧/٢٠٠٤ بڕیاریدا بە دەركردنی ئەم سیستەمەی خوارەوە:

### سیستەمی ئــاڵای كــوردســتان
### ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٤

**ماددەی یەكەم**: پێوانەی ئاڵای كوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

پێوانەی ئاڵای گەورە بەم پێوانەیەی خوارەوە دەبێت:

أ–١٢٠ سم × ١٨٠ سم .

ب–١٠٠ سم × ١٥٠ سم .

ج–٦٠ سم × ٩٠ سم .

بەڵام پێوانەی ئاڵای بچوك لە هەر پێوانەیەك بێت بەهەمان شێوەی برگەی (١) یەك دەبێت.

**ماددەی دووەم**: ئاڵای كوردستان رۆژانە لەسەر ئەم باڵەخانانەی خوارەوە هەڵدەدرێت:

- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان.
- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەموو وەزارەتەكان.
- پارێزگاكان، قائمقامیەتەكان، ناحیەكان.
- سەرجەم بارەگاو یەكەسەربازییە سنوورییەكانی هەرێمی كوردستان.
- ئەو بنكە پۆلیسیانەی كە دەكەونە دەرەوەی یەكە ئیدارییەكان و یان ناوچە سنوورییەكان كە لە لایەن وەزیری ناوخۆ دیاری دەكرێن.

**ماددەی سێیەم**: ئاڵای كوردستان لەسەر ئەم باڵەخانە حكومیانەی كە لە مادەی (٢) دا باسی لێوە نەكراوە لەو بۆنەو یادەوەریانەی خوارەوە هەڵدەدرێت:

١–هەموو رۆژانی پشووی رەسمی.

٢–هەموو ئەو بۆنەو یادەوەرییە نیشتمانییە گرنگانەی كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران بە پشووی رەسمی دادەنرێن.

٣–دەكرێت رۆژانی پێنجشەممە لە گۆڕەپانی قوتابخانەكاندا رێوڕەسمی هەڵدانی ئاڵای كوردستان (سلاوی ئاڵا ـ تحية العلم) لەگەڵ سروودی نیشتمانی بەڕێوە بچێت.

٤–هەر بۆنەو شوێنێكی تری تایبەتی كە لە لایەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری دەكرێت.

**ماددەی چوارەم**: ئاڵای كوردستان تاكو پشتێندی ستوون هەڵدەدرێت، لەو كاتانەی خوارەوەدا:

١–لە رووداني هەر كارەساتێكی نیشتمانی و نەتەوەیی.

٢–لەكاتی رێو رەسمی بەخاك سپاردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان.

٣–لەكاتی رێورەسمی بەخاك سپاردنی سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی و، یان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران.

٤–لە هەر حاڵەتێكی تر، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە رۆژی ماتەمینی گشتی دادەنرێت.

**ماددەی پێنجەم**: دەسەڵاتی مۆڵەتدان بە چاپكردن و دروستكردنی ئاڵای كوردستان، یان بازرگانی پێكردنی بەهەموو جۆرو شێوەكانی ئاڵا لە پەڕۆو كاغەزو هەر كانزایەك بێت، دەدرێت بە وەزیری رۆشنبیری، كە بە پێی رێنمایی تایبەت رێوشوێنەكانی دیاری دەكات، بەشێوەیەك كە لەگەڵ یاسای ئاڵای كوردستان و ئەم سیستەمە بگونجێت.

**ماددەی شەشەم**: لەسەر وەزیرەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، ئەم سیستەمە جێبەجێ بكەن.

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com